# بەیاننامەیەك سەبارەت بەدەستگیركردنی پەیامنێرێكی رۆژنامەكەمان

رۆژی 6/26 پەیامنێرێكی رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ بەناوی (ناسح عەبدولرەحیم) لەشاری هەڵەبجەی شەهید دوای نوسینی وتارێك لەسەر پێشمەرگە دێرینەكانو بلاْوكردنەوەی لەماڵپەڕی كوردستان پۆستدا لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیركراوە بەتۆمەتی سوكایەتی كردن بەپێشمەرگە دێرینەكانو دوای تۆمار كردنی داوایەك لەلایەن كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانەوە بڕیار دەدرێت 10 رۆژ تەوقیف بكرێت.

ئێمە لەرۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ دەستگیركردنی ئەو پەیامنێرەی رۆژنامەكەمان ئیدانە دەكەینو بەئاستەنگێكی تری بەردەم ئازادی رۆژنامەوانی دادەنێینو داوا دەكەین بە زووترین كات ئازاد بكرێت. لەهەمان كاتدا داوا دەكەین كە ئەم رووداوە رێڕەوی یاسایی بگرێتە بەرو یاسا بڕیاری خۆی بدات، چونكە نوسینەكەی ناسح گەر تەشهیرو سوكایەتیشی تێدا بێت بۆ پێشمەرگە دێرینەكان، نابێت بكرێتە پاساوی ئەوەی ئاسایش ناوبراو ڕاپێچی ئاسایش بكەنو دەستگیری بكەن، بەڵكو ئەوە ئیشی دادگاو پۆلیسەو هەمووانیش باش دەزانین ڕێ و شوێنە یاساییەكان چین. بۆیە ئێمە ئەوە بەكارێكی ناتەندروستو دەست درێژییەكی ناڕەواو پێشلكارییەكی تری حكومەتی هەرێم دەزانینو بۆیە پێویستە حكومەت ڕاستەوخۆ پێداچوونەوە بۆ رۆڵی ئاسایش بكاتو چیتر سوكایەتی بەیاساو رۆژنامەنووسانیش نەكات.

هاوكات ئێمە سەرمان لەوە سوڕ دەمێ كە بۆچی هەموو كات ئاسایش وا بەخێرایی لەسەر خەتن بۆ دەمكوت كردنی رۆژنامەنووسانو پێشێل كردنی یاسا، لەو لاشەوە نیگەران دەبین بەوەی كەرێكخراوەكانی مافی مرۆڤ بەپێشلكاری یاساو مافەكانی مرۆڤ تۆمەتباریان دەكات.

ئێمە تەواوی هەوڵەكانی خۆمان دەخەینە گەر بۆ ئازاد كردنی (ناسح عەبدولرەحیم)و سەرجەم سەنیكاو لایەنە پەیوەندیدارەكان لەناوەو دەرەوەی وڵات ئاگادار دەكەینەوەو داوا دەكەین بەزووترین كات ناوبراو ئازاد بكرێتو بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بكرێت.

رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ

سلێمانی 2007/6/26